





# لە بارەی ڕوانگەوە

**حەمەسەعید حەسەن**

فازیل عەززاوی دەڵێت: (ماوەیەکی کورت دوای بەیاننامە شیعرییەکەی ٦٩ی ئێمە، چەند ئەدیبێکی کوردیش بەیاننامەیەکیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا دەربارەی تازەگەری بڵاو کردەوە.) هەر ئەم شاعیرە کە ساڵی ١٩٦٧ (مخلوقات فاضل العزاوی الجميلة)ی بڵاو کردەوە، ناوی لێ نابوو: ڕۆمانەشیعر، ٣٠ سی ساڵی تەواو دوای ئەو کە شێرکۆ بێکەس لە ١٩٩٧دا (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک)ی بڵاو دەکاتەوە، ناوی لێ دەنێت: ڕۆمانەشیعر. فازیل عەززاوی لە باسی ئەو ڕۆمانەشیعرەیدا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٦٧دا نووسیویەتی، دەڵێت: (ڕۆمانێکی کراوەیە، هەموو کەس دەتوانێت بەشداری لە نووسینیدا بکات،) کەچی هەندێک نووسەر لە باشووری کوردستان کە تازەکی باسی دەقی کراوە دەکەن، پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە.




ڕوانگە لاساییکردنەوەی ئەو بزووتنەوە شیعرییە بوو، کە بە دەستپێشخەریی فازیل عەززاوی لە عیراقدا سەری هەڵدا. ساڵی ١٩٦٩ کە عەززاوی و هاوڕێیانی گۆڤاری (شیعر ٦٩) بڵاو دەکەنەوە، تەنیا چوار ژمارەی لێ دەردەچێت، ساڵی ١٩٧٠ کە شێرکۆ بێکەس و هاوڕێیەکانی گۆڤاری ڕوانگە بڵاو دەکەنەوە، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەردەچێت. (نحو تحليل بنيوي للشعر الجاهلي) یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە بە مێتۆدی بونیادخوازی، بە زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٧٥ کەمال ئەبودیب سەبارەت بە شیعری (لەبید) نووسیویەتی. (پروپ) بە چ مێتۆدێک، چیرۆکی میللیی ڕووسیایی بە سەر کردووەتەوە، کەمال ئەبودیبیش هەوڵی داوە، بۆ لێکدانەوەی شیعری جاهیلی، هەمان مێتۆد بگرێتە بەر. نزیکەی دە ساڵ بوو، بونیادخوازی لە زێدی خۆی باوی نەمابوو، ئینجا گەییشتە عەرەبستان، دوازدە ساڵ زێتربوو گەییشتبووە عەرەبستان، ئینجا گەییشتە باشووری کوردستان. وەک چۆن کەمال ئەبودیب بە لاساییکردنەوەی پروپ دەستی پێ کرد، بونیادخوازانی کوردیش بە لاساییکردنەوەی کەمال ئەبودیب، بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستیان پێ کرد.

ئەوی باسی مێژووی سەرهەڵدانی بونیادخوازیی عەرەبی بکات، نابێت ئەم سێ کتێبە فەرامۆش بکات:

١) الأسلوب و الأسلوبية، عبدالسلام المسدی ١٩٧٧

٢) نظرية البنائية فی النقد الأدبی، د. صلاح فضل ١٩٧٨

٣) جدلية الخفاء و التجلی، كمال ابوديب ١٩٧٩

بونیادخوازیی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی، وێنەیەکی شێواوی بونیادخوازییە ئەورووپاییەکەیە، بونیادخوازیی کوردییش وێنەیەکی شێواوی بونیادخوازییە عەرەبییەکەیە. ئێدیت کرۆزوێڵ پێی وایە، چونکە کولتووری ئەمریکاییەکان لە هی فەرەنساییەکان جیاوازە، بۆیە بونیادخوازی نەیتوانی لە ئەمریکا بە هەمان شێوەی فەرەنسا گەشە بکات و بڵاو ببێتەوە، ئاخر ئەمریکاییەکان مێژوو بە هەند ناگرن و هەمیشە چاویان بڕیوەتە داهاتوو، وەلێ فەرەنساییەکان گیرۆدەی دەستی ڕابردوون. ئایا کوردستان بۆ سەرهەڵدانی بونیادخوازی لەبار بوو؟ یان برەوی ئەو مێتۆدە لای ئێمە، تەنیا لە لاساییکردنەوەیەکی ڕووتەوە سەرچاوەی گرت؟

کەمال ئەبودیب کە وێنەیەکی شێواوی شتراوسە، دێت بە کەرەسەکانی ئەو باسی شیعری ئیمرەئولقەیس دەکات، بونیادخوازی کوردیش کە وێنەیەکی شێواوی کەمال ئەبودیبە، دێت قەرز لە قەرزدار دەکات، کاتێک بە کەرەسەکانی وی، باسی شیعری مەحوی یان نالی دەکات. کەمال ئەبودیب دەڵێت: (ئەوەی من کردوومە لە بواری ڕەخنەی بونیادخوازیدا، گەلێک لەوە زێترە فەرەنساییەکان و هەموو ئەورووپاییەکان کردوویانە.) هەر ئەم کەپووبڵندییە وای لە مۆدێرنیستە عەرەبەکان کردووە، بڵێن: (ئینسانی ئەم سەردەمە، یان وەک ئێمە نوێخوازە، یان کۆنەخوازێکی نەزانە.) هەندێک لە بونیادخوازانی کورد لووتبەرزی و کەسانی دیکە بە جاهیل لە قەڵەم دانیش، هەر لە عەرەبەکانەوە فێر بوون.

مۆدێرنیزمی ئەورووپایی چەندان ڕێبازی وەک

# ڕوانگە لاساییکردنەوەی ئەو بزووتنەوە شیعرییە بوو، کە بە دەستپێشخەریی فازیل عەززاوی لە عیراقدا سەری هەڵدا

ڕەمزی، تەعبیریی، دادایی، سوریالی، بێهوودەیی و فۆرمالیزمی بە خۆیەوە دیوە، ئایا خۆ بە نوێخواززانانی کورد، لە لاساییکردنەوەی لێ دەربچێت، چییان داهێناوە؟ بۆدلێر: پەخشانەشیعر، سێرڤانتس: ساتیر، ئاڵتۆسیر: خوێندنەوەیەکی نوێی مارکسیزم، سۆسێر: سیستەمی زمان، هایدگەر: هێرمێنیۆتیکا، فۆکۆ: ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە، لاکان: دەروونناسی، شتراوس: ئەنترۆپۆلۆژیا، ژاکۆبسۆن: سیمیۆتیکا و ئێدوارد سەعید: ئەدەبی دوای کۆلۆنیالیزم، ئایا بە ناڕەوا خۆ بەزلزانەکانی کورد لە چ بوارێکدا داهێنانیان تۆمار کردووە؟ ئەگەر عەرەبی ئەدوار خەڕڕات گوتەنی، زمانێکی گوندی بێت، ئەوا کوردی زمانی کوێرەدێیەکە، بریا لەبری خۆهەڵکێشان، چونکە چەکی دیکە شک نابەین، دەمانتوانی بەو زمانە شیرینە، سووکە بەشدارییەک لە گۆڕینی واقیعی باودا بکەین.

*

ئەوە شتێک نییە مشتومڕ هەڵبگرێت کە (بانگەوازەکەی ڕوانگە ٢٥. ٠٤. ١٩٧٠) لە بانگەوازێکی سیاسی دەچێت نەک ئەدەبی و هەر دەڵێیت ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی سیاسی نەک ئەدەبی نووسیویانە، هەر بۆیە زۆربەی ئەو ڕەخنانەشی بە گژ ڕوانگەدا دەچوونەوە، ڕەخنەی سیاسی بوون نەک ئەدەبی. فازیل مەلا مەحموود، فوئاد قەرەداغی و فوئاد میسری ئەوی لەگەڵ ڕوانگەدا دەیانکرد، ململانێی سیاسی بوو، نەک وتووێژی ئەدەبی.

(هەر ڕاپەڕینێک لە مێژووماندا تەقی بێتەوە، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبیماندا تاوی سەندەوە.) (١)

ئەوە تەواو لە گوتەی ئەو سیاسییانە دەچێت کە ئەدەب بە پاشکۆی سیاسەت دەزانن و ئەو ئەدەبە پەسەند دەکەن کە لە ڕاژەی فیکری واندا بێت و ئاو بە ئاشی ئامانجی واندا بکات. ئەو تێزە لێکدانەوەیەکی نادیالێکتیکانەیشە بۆ پێوەندیی نێوان ئەدەب و واقیع، ئاخر وەک چۆن واقیع کاریگەریی لەسەر ئەدەب هەیە، هەر وایش ئەدەب، کاریگەریی لەسەر واقیع جێ دەهێڵێت. ڕاستە ڕاپەڕین لە ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە، وەلێ ئەدەب دەتوانێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکات، ببێتە هەوێنی ڕابوونی میللەتێک، خەڵکانێکی خەواڵوو بێدار بکاتەوە و بۆ شۆڕش هانیان بدات.

(ڕاپەڕین لەناو ڕاپەڕیندا)یش کە لە بانگەوازەکەدا هاتووە، وەرگێڕانی ناونیشانی کتێبەکەی ڕۆژیە دۆبرێیە: (شۆڕش لەناو شۆڕشدا) بە سووکە دەستکارییەکەوە کە کتێبێکی سیاسییە نەک ئەدەبی. بانگەوازەکەی ڕوانگە بانگەشە بۆ (بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی) دەکات، گەرچی ئەوە ئەرکی کادیری حیزبە، ڕیکلام بۆ ئەم یان ئەو بیروباوەڕ بکات و ئەدیب سەودای لەگەڵ هونەر و مەعریفەدا هەیە نەک ئیدۆلۆگی. بانگەوازەکە بایەخێکی زۆر بە (شۆڕش و شۆڕشگێڕی) دەدات، هەرچەندە ئەدیب، وەک ئەلبێر کامۆ، کەسێکە یاخیبوو، نەک شۆڕشگێڕ، کەسێکە بانگەشە بۆ یاخیبوون دەکات نەک شۆڕش. گەرچی بانگەوازەکە خوازیارە (وشەی کوردی نەکرێتە کۆیلەی دروشمی سیاسی،) وەلێ بەشێکی گرنگ لە بەرهەمی ڕوانگەییەکان بە پێچەوانەی ئەو خواستەوە خۆی دەنواند.

کەمال ئەبودیب کە وێنەیەکی شێواوی شتراوسە، دێت بە کەرەسەکانی ئەو باسی شیعری ئیمرەئولقەیس دەکات، بونیادخوازی کوردیش کە وێنەیەکی شێواوی کەمال ئەبودیبە، دێت قەرز لە قەرزدار دەکات، کاتێک بە کەرەسەکانی وی، باسی شیعری مەحوی یان نالی دەکات

ڕوانگەییەکان دەڵێن: (نووسینی ئێمە ناشیرینی ناگرێتە خۆی،) وەلێ ڕاستییەکەی، نووسەر دەتوانێت لە ڕێی نیشاندانی لایەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەوە، هەوڵی چەسپاندنی جوانی بدات. یان دەڵێن: (نووسینی ئێمە گشت کۆت و زنجیرێک دەپچڕێنیت،) گەرچی بۆ نموونە لە شیعردا نە کۆتی سەروایان شکاند، نە زنجیری کێشیان پساند. کاتێک دەتوانین خۆمان بە شاسواری بواری نوێکردنەوەی شیعر بزانین کە خۆڕسکانە بنووسین و هیچ کام لە ڕێسا و تەکنیکەکانی شیعری دێرین ڕەچاو نەکەین. (شێوە و ناوەڕۆک پێکەوە لە دایک دەبن.) لە بانگەوازەکەدا تەنیا ئەو تاقە ڕستەیەم بینییەوە، لە قسەی ئەدیب بچێت.

هەرچەندە ڕوانگەییەکان دەڵێن: (ئێمە هەر نووسەر یان شاعیر نین، کارگێڕ، شۆڕشگێڕ و جەنگاوەریشین!) کەچی لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر (فەرهاد) شاکەلی، لەوانیشی تێدەپەڕێنن و لە بەیاننامەکەیاندا (١٤. ٠٧. ١٩٧١) هیچ بڕوایان بە ڕیفۆرم نییە، (شیعریان بە شۆڕش دەچوێنن) و خۆیشیان بە (ڕزگارکەری وشەی کوردی!) (٢) ئەو دوو شاعیرە بۆیە جاڕی شۆڕشیان داوە، (تا شیعری کوردی کە مەیموونە، بیکەن بە مرۆڤێکی پوخت) و پێیان وایە (شاعیری ڕاستەقینە هێندە سەیر بیر دەکاتەوە، زۆر کەس بە شێتی دادەنێن.) شەکسپیرم بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت: (شاعیر و شێت و منداڵ لە خەیاڵدا یەکانگیر دەبنەوە.) شاعیر دەبێت تا دەنووسێت، هەر گوێڕایەڵی منداڵەکەی نێو بێشکەی ناخی بێت، ئایا ئەوە جۆرێک نییە لە شێتایەتی؟ بە پێچەوانەی ڕوانگەییەکانەوە کە ڕووی دەمیان لە زۆربەیە، هەڵمەت و شاکەلی پێیان ئاساییە، ئەگەر کەسانێکی کەم لە شیعریان تێبگەن.

لەتیف هەڵمەت کە (تەمەننامە)ی خۆی دەنووسێتەوە، تێیدا شتێک دەڵێت کە ئەمە پوختەکەیەتی: (باوکم دووعانووس بوو، بە نوشتە و دوعاکانی، نەخۆش چاک دەبووەوە و باران دەباری.) (٣) دوعا شتێکە لە بابەتی سیحر و شیعریش جۆرێکە لە سیحر. کە شیعرێکی جوان دەخوێنینەوە، سەرسام و بەنگ دەبین، هەر دەڵێیت سیحرمان لێ کراوە یان دوعامان لێ گیرا بووە. چونکە لەتیف هەڵمەت گوێڕایەڵی منداڵەکەی ناخیەتی، ئەوە بۆیە سیحر لە شیعری دەچۆڕێت.

شێرکۆ بێکەس دەربارەی جەلال میرزا کەریم (١٩٣٥ – ١٩٩٣) دەڵێت:

ئەو وەختەی ئەو
عاشقی شیعری تازە بوو،
لەناو دیوەخانی کۆن و
لەناو گەڕەکی عورووزدا
شیعری تازەیان ڕاو دەنا. (٤)

ڕاستییەکەی دەوروبەری چارەکە سەدەیەک پێش ئەوەی جەلالی میرزا کەریم شیعری تازە بنووسێت، گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) شیعری لەژێر چەپۆکی عورووز دەرباز کردبوو. ئەدی مەولەوی و بێسارانی و وەلێ دێوانەیش هەر بە کێشی خۆماڵی نەیاندەنووسی؟ بە چاوپۆشین لەوەی کام کێش ڕەچاو دەکات، کێشی هەیە یان نا، شیعر دوو جۆری هەیە، شیعری مردوو، ئەوەی هەر زوو سیس دەبێت و دەوەرێت، شیعری زیندوو، ئەوەی بەرگەی

# بانگەوازەکەی ڕوانگە بانگەشە بۆ (بیروباوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی) دەکات. گەرچی ئەوە ئەرکی کادیری حیزبە

زەمان دەگرێت.

شیعر کە خۆی (هونەری بێدەنگییە و پێویستە بەردەوام گوێمان لە بێدەنگیی وشەکانی بێت) کەچی سەرەتای سالانی حەفتا، نەڕە بەسەر شیعری کوردیدا زاڵ بوو. ئەو سەروەختە بە دەگمەن شیعرێک هەبوو، بێدەنگی لە دوای خۆیەوە جێ بهێڵێت. شاعیرانی ڕوانگە و لەتیف هەڵمەتیش دەرکیان بەوە نەکردبوو، شتی گرنگ ئەوەیە بێدەنگی دەیڵێت، نەک دەنگهەڵبڕین. بێدەنگیش جۆرێکە لە کورتبڕی، ئەوی شاعیر لێی بێدەنگ دەبێت و بۆ خوێنەری جێ دەهێڵێت. (شیعری بێدەنگ هەر لە شاخی سەهۆڵینی نێو زەریا دەچێت، تەنیا لوتکەکەی بە دەرەوەیە.) (٥)

*

**بانگەوازەکە بایەخێکی زۆر بە (شۆڕش و شۆڕشگێڕی) دەدات، هەرچەندە ئەدیب، وەک ئەلبێر کامۆ، کەسێکە یاخیبوو، نەک شۆڕشگێڕ، کەسێکە بانگەشە بۆ یاخیبوون دەکات نەک شۆڕش. گەرچی بانگەوازەکە خوازیارە (وشەی کوردی نەکرێتە کۆیلەی دروشمی سیاسی)، وەلێ بەشێکی گرنگ لە بەرهەمی ڕوانگەییەکان بە پێچەوانەی ئەو خواستەوە خۆی دەنواند**

ئەوە شتێک نییە مشتومڕ هەڵبگرێت کە (بانگەوازەکەی ڕوانگە ٢٥. ٠٤. ١٩٧٠) لە بانگەوازێکی سیاسی دەچێت نەک ئەدەبی و هەر دەڵێیت ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی سیاسی نەک ئەدەبی نووسیویانە، هەر بۆیە زۆربەی ئەو ڕەخنانەشی بە گژ ڕوانگەدا دەچوونەوە، ڕەخنەی سیاسی بوون نەک ئەدەبی

(١)بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە ٢٥. ٠٤. ١٩٧٠ شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی و جەلال میرزا کەریم. (دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، ل١٩٧ خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٨ سلێمانی.)

(٢)بەیاننامەی گرووپی کەرکووک – کفری، شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە. (دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، ل٢٢٤ خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٨ سلێمانی.)

(٣)لەتیف هەڵمەت، چرایەک لە شەپۆلی گەرداودا، ڕۆڤار، ژمارە (٤٩) ل٤ دەزگای سەردەم ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٤)شێرکۆ بێکەس، جەلال، ئاینده ژمارە (٧٩) ل١٧ تەمووزی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(٥)باسم النبریص، الشعر و الصمت، ٣٠. ٠٦. ٢٠٠٨ ایلاف..